حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی  خوێندنی بالاّ و تویژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاّحەدین - هەولێر
کۆلێژی ئاداب/ بەشی کۆمەلّناسی

# هۆکارەکانی(تاوان)

ئامادەکراوە لەلایەن

**د.رۆژگار محمدامین علی**

2024

## پێشەکی

شارەزایان بەشێوەی جیاجیا باسییان لە تاوانناسی کردووە بەوەی ئەو لـقەیە لە زانستە تاوانییەکان کە لە تاوان دەکۆڵێتەوە وەک دیاردەیەک لە ژیانی تاک و لە ژیانی کۆمەڵ، بەمەبەستی دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی ئەو فاکتەرانەی دەبنە مایەی بەرپابوونی.

## خەسڵەتەکانی تاوان:

ئەو دەقانـــەی لـــە نێـو چوارچێـــوەی بـــەندە یاسـاییيەکاندان بە تەنهـا پێناسەی تاوانەکانی وەک دزی و کوشتن...تـاد دەکەن، بەڵام پسـپۆڕ و شارەزایانی یاسا چەندین بنـەمای گشتییان کورت و پوخت کردۆتەوە کە بەســـەر هەمـــوو جـــۆرە تاوانێکـــدا دەچەســـپێن، ئەو بنەمـــا و پرەنسیپانەش لەگەڵ خەسڵەت و تایبەتمەندی یاساکانی تاواندا تەبـاو گونجـــاون و بە شـــێوەیەکی وورد نیشـــانە گشـــتییەکانی بـــابەتی دەقە یاساییەکە دەستنیشان دەکەن. لێرەدا ئاماژەیان بۆ دەکەین.

**هیچ ڕەفتارێکی دیاری کراو بە تاوان هەژمار ناکرێت ئەگەر ئەم ڕەگەزانەی لەخۆ نەگرتبێت:**

- بەر لەوەی هەر ڕەفتارێک بە تاوان دابنرێت پێویستە ڕوخسارێکی دەرەکی زیانبەخشی هەبێت، واتا تاوان زیان بە بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت. بە تەنها حاڵەتێکی فیکری یان هەڵچوونی کەوا لە کەسێک بکەن بیر لە تاوان بکاتەوە بەس نیە و بە تاوان هەژمار ناکرێت ئەگەر هاتوو لە پێش ئەنجامدانی تاوانەکەیدا، بیرکردنەوەکەی بگۆڕێت و ڕاستی بکاتەوە و کەسەکەش بە تاوانبار دانانرێت ئەگەر مەبەست و مەرامی تاوانکاری لە پشت کردەوەکەیەوە نەبێت.

- پێویستە  پەیوەندی و بەیەکەوە بەستانەوەیەک لە نێوان **ڕەفتارەکە و مەبەستی تاوانکردندا** بوونی هەبێت بۆ نموونە: پۆلیسێک بە مەبەستی دەستگیرکردنی تۆمەتبارێک دەچێتە ماڵێکەوە و تاوانێکی لەدەست دەقەومێت لەکاتێکدا لە ناو ماڵەکەدایە و فەرمانی گرتنی تۆمەتبارەکەی پێیە، لەم حاڵەتەدا بە تاوانبار دانانرێت چونکە بە مەبەستی تاوانکردن نەچۆتە ناو ماڵەکەوە. تاوانەکە و ئەو مەبەستەی پۆلیسەکە هەیبووە هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکترییەوە نەبووە، بەڵام ئەگەر لەو کاتەدا تۆمەتبارەکە ڕووبەڕووی پۆلیس ببێتەوە، ئەوا بە تاوان بۆی هەژمار دەکرێت.

- پێویستە ئەو زیانەی لە ڕەفتارێک دەکەوێتەوە لە ڕووی یاساییەوە قەدەغە کرا بێت و لە یاسای سزاکاندا پێناسە و سنوربەندی بۆ کرابێت، واتە یاسا ئاماژەی ڕوونی پێکردبێت.
- پێویستە یاسا سزاکەی بە ڕوونی دیاری کردبێت ، تەنها ئەوەندە بەس نیە کە یاسا زیانەکە دیاری بکات، بەڵکو لەوەش زیاتر دەبێت دەقێکی یاسایی لەئارادا بێت کە هەڕەشەی سزادانی لەخۆگرتبێت بۆ هەموو ئەوکەسانەی بە ئیرادەی تەواوی خۆیانەوە سەرپێچی دەکەن لەو دەقە یاساییە.

## ئاستەکانی لادان:

بەپێی زانستی دەروونزانی، ئەو کەیسانەی کە تووشی لادان دەبن بە هۆی لایەنی دەروونی، ئەم لادانە **بە چوار** ئاست دەست پێ دەکات :

## ئاستی یەکەم:

بە شێوەیەکی سەرەتایی )بسیط، ئاسان، کەم (چاوەڕوانی کۆمەڵگە دەبێ کە لەم ئاستە بە چ شێوەیەک مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ئایا قبوڵکردن یاخود فەرامۆشکردن.

## ئاستی دووەم:

بە جۆرێکی گۆڕانکارییەکی دیار دەست پێدەکات ، کە تێیدا بزانێت کۆمەڵگە بە چ شێوەیەک مامەڵەی لەگەڵ دەکات .کۆمەڵگە بە توندی لەگەڵی دەبێ، کەواتە گوێی لێ ڕادەگرێت، وە هەروەها هەڕەشەی لەسەر دەکات، کۆمەڵگە بە دووجۆر ڕەفتاری لەگەڵ دەکات .

## ئاستی سێیەم:

لادەر بە شێوەیەکی توندتر گۆڕانکاری دەکات، لەو ئاستەدا کۆمەڵگە دژی ڕادەوەستێت، سزای کۆمەڵایەتی دەدرێت .

## ئاستی چوارەم:

لادەر پاش تووشبوونی بە سزای کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت، مرۆڤێکی شاز کە لە هەڵچوونی لە ڕەفتاری و دژی کۆمەڵگە دەبێ بە هەموو جۆرەکانی .

# هۆكاره دەرەكیەكان (ژینگەی كۆمەڵایەتی)

## 1- ژینگەی خێزان:-

خێـزان كـۆمەڵێكن لە تـاكە كەسـان كە چەنـدین پەیوەنـدی بەهێـز بەیەكیـانەوە دەبەستێتەوە لـە یەک خـانوو یـا زیاتر دەژیـن. پەیوەندی كۆمەڵایەتی پتەویان لە نێوانـدایە لەسـەر بنچیـنەی بەرژەوەنـدی و ئامـانجی هـاوبەش لەگەڵ یەكـن، ئەندامەكانی پێک دێن لەدایک و باوک و منداڵەكان.

خێـزان هۆكـارێكی گـرنگە لە پێگەیانـدنی تـاكەكەس لـەبەر ئەوەی ئەو ژیـنگەیە لە سەرەتای ژیانەوە ئەم مرۆڤـە لـەخۆدەگرێت و یەكەم هۆكاری ڕاستەوخۆیە كە كار لـە منداڵ دەكات، خێزان هۆكارێكی دوو سەرەیە ئەگەر باش بێت بەرهەمەكەی باش دەبێـت و ئەگەر خـراپ بێـت بەرهەمەكەی خـراپ دەبێـت، لە هۆكـاره نالەبارەكـانی خێزان لەبەر یەک هەڵوەشانەوە، پەرت و بڵاوی ئەندامەكانی، كێشەو ناكۆكی دایک و باوک

## - ژینگەی قوتابخانە:-

ئەگەر هاتوو ژینگەی خێزان بەرپرس بێ لە پێگەیاندنی منداڵ، ئەوا ژینگەی قوتابخانە بەرپرسە لە پەرەپێدانی هزر و بیرکردنەوە و فێرکردن و پەروەردەی دروست و ئاشنا بوون بە ئاکار و پابەندبوون و خوورەوشتی باش و کاری ڕاست، قوتابخانە یەکەم کۆمەڵگەیە کە منداڵ لە دەرەوەی خێزان ڕووبەڕووی دەبێتەوە و سیستەمی قوتابخانەش یەکەم سیستەمی کۆمەڵگەیە کە پێویست دەکات ملکەچی بێ و گوێ بۆ ڕێنماییەکانی ڕاگرێت، لەبەر ئەم هۆیانە ژینگەی قوتابخانە بنچینەی پەرەپێدانی هزر و بیرکردنەوە و فێربوونە، منداڵ فێری چۆنیەتی گونجان لەگەڵ کۆمەڵگە دەکات

## هۆکارە ناوەخۆییەکان (ناوەکیەکان)

**- بۆماوەیی:**

هۆکـاری بۆمـاوەیی زانـایەک بە دوو باسـی دەکەن، جـۆری یەکەم پێـی وایە بۆماوەیی تاوان دەگوازرێتەوە لە نەتەوەیەک بۆ نەوەیەکـی تر ئەم جۆرە وەکو زانا لۆمبرۆزۆ ئامـاژەی پێکـردووە، جـۆری دووەم بـاس لە بۆمـاوەیی دەکـات کە کـاریگەرە لەگەڵ ژیـنگەی دەوروبەر و هەروەهـا ئامادەباشـی، کەواتە تـاوان بەهـۆی ئامادەباشـی و بۆمـاوەیی ئەنجـام دەدرێ .

## تەمەن:

تەمەن دابەش دەکرێتە سەر سێ جۆر :

- **تەمەنی منداڵی :**کە لە ٥ساڵ تا ١٢ساڵ جۆری تاوانیان جیاواز دەبێ و هەروەها سزایان جیاوازە و ڕێژەی تاوانیان کەمە.
- **تەمەنی هەرزەکاری :**کە لە ١٢ساڵ تا ١٨ساڵە، لەو تەمەنەدا جۆری تاوانیان، هەڕەشەکردن و تاوانی سێکسی و دەستدریژی ئەنجام دەدرێ.
- **تەمەنی باڵغبوون :**کە ئەویش زانایەکان بە ٣ئاست باسی دەکەن :

**ئاستی یەکەم :**باڵغبوونی سەرەتایی :لە تەمەنی ١٢تاکو ٢٥ساڵ، کە لێرەدا بە هۆی گۆڕانکاریی بایەلۆجی وهۆرمۆنی تاوان ئەنجام دەدرێ، و زیاتر تاوانی دزی و ساختەکردن، و هەڕەشەکردن ئەنجام دەدەن .

**ئاستی دووەم :**باڵغبوونی ناوەندی :لە تەمەنی ٢٥بۆ ٣٥ساڵی، لەو تەمەنەدا بیر لای لایەنی ئابووری دەکەن کە تاوانیان دزی و کوشتن و توندوتیژییە .

**ئاستی سێیەم :**باڵغبوونی کامڵ :کە لە تەمەنی ٣٥تاکو ٥٠ساڵ دەبێ، لێرەدا بیروبۆچوونی زیاتر بۆ لایەنی ئابووری وکۆمەڵایەتییە کە تێیدا تاوانی توندوتیژی و خێزانی و تاوانی کوشتن بە هەڵە ئەنجام دەدرێ .

# سوپاس

# بۆ ئامادەبوون و گوێگرتنتان

## سەرچاوەکان:


- بۆکانی ، سابیر بکر(2002)، تاوانبار و سزا، دەزگای چاپ بەخشی سەردەم، سلێمانی.
- حبیب ، محمد شلال(2019)، بنەماکانی تاوانناسی ، وەرگێرانی عبدالقادر صالح، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی.
- حبیب، محمدشلال(2022)، زانستی تاوانناسی، وەرگێرانی بروا سەرهەد سلێمان، چاپخانەی دانیشفەر.
- الوریکات، محمد عبدالله(2009)، اصول علمي الاجرام والعقاب، دار وائل للنشر و التوزیع، عمان ، الاردن.